ئیسرائیل ماڵی باڵیۆزی ئێرانی لە دیمەشق بڕدومان کرد

چەند تەقینەوەیەك لە دەوروبەری پایتەختی سووریا ڕوویان دا؛ هاوکات ڕوانگەی سووری ئاماژە بە ناوچەی تەقینەوەکان دەکات، لەلای خۆیەوە ئاژانسی ڕێتەرز ڕایگەیاندووە، ئیسرائیل ماڵی باڵیۆزی ئێرانی لە دیمەشق بڕدومان کردووە.

ئەمڕۆ (دووشەممە 1ـی نیسانی 2024) ئاژانسی فەرمی سووریا ڕایگەیاند، چەند تەقینەوەیەك لە دەوروبەری دیمەشقی پایتەختی سووریا ڕوویان دا.

ئاژانسی فەرمی سووریا هیچ زانیارییەکی لە بارەی شوێنی تەقینەوەکان و زیانە گیانی و ماددییەکان نەکردووە. ڕوونیشی کردووەتەوە، سوپای ئیسرائیل باڵەخانەیەکی لە گەڕەکەکە بە ئامانج گرتووە.

هاوکات ئاژانسکانی هەواڵی ئێران ئاشکرایان کرد، باڵەخانەی باڵیۆزخانەی ئێران لە دیمەشق و ماڵی باڵیۆزی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە بە ئامانج گیراوە.

بەپێی زانیاریە سەرەتاییەکان لە بەردەمانەکەی ئیسرائیل شەش کەس کوژراون.